زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز
(٧٥)

# وانە گرنگەکان
# بۆ
# تێکڕای موسڵمانان

(الدروس المهمة لعامة الأمة)

**نووسینی زانا و پێشەوا**
عبد العزيز بن عبد الله بن باز رحمه الله

**وەرگێڕانی**
**مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف**

**پێداچوونەوەی زانا و بانگخواز**
**مامۆستا عبداللطيف أحمد**

---

لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org
malpariba8@yahoo.com

07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

**کتێبی ژمارە ﴿١٦٣﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

### * پێشەكی دانەر :

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِـهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ .

أَمَّا بَعْدُ :

**ئەمە چەند وتەیەكی كورت و پوختە سەبارەت بە روونكردنەوەی ئەوەی كە پێویستە تێكڕای ئوممەت بیزانن لە بارەی ئایینی ئیسلامەوە ، ناوم لێناوە : (**الدروس الـمهمة لعامة الأمة / **وانە گرنگەكان بۆ تێكڕای موسڵمانان)*** .

**داواكارم لە خوای گەورە سوودی پێبگەیەنێت بە موسڵمانان و لێمی قەبوڵ بكات ، بەڕاستی خوا بەخشندە و میهرەبانە .**

عبد العزيز بن عبد الله بن باز

**ئەم كتێبەم وەرگێڕا لە نێو مزگەوتی**

(الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز رحمه الله)

شهر ذي الـحجة / ١٤٣٣ ك / مكة الـمكرمة / العزيزية

---

* لەم ناونیشانە و ناوەڕۆك و شێوازی دارِشتنی كتێبەكەوە دەردەكەوێت كەوا (الشيخ ابن باز رحمه الله) مەبەستی ئەوەیە كە مامۆستایان و بانگخوازان ئەم بابەتە گرنگانە بە دەرس بڵێنەوە بە تێكڕای موسڵمانان .

## بەرنامە و پلانی
## (وانە گرنگەكان بۆ تێكڕای موسڵمانان)

*** وانەی یەكەم : سورەتی فاتیحە و سورەتە كورتەكان :**

سورەتی فاتیحە و ئەوەی كە دەتوانرێت لە سورەتە كورتەكان لە سورەتی (الزلزلة)وە تاوەكو سورەتی (الناس) بە پێوتنەوە و ڕاستكردنەوەی خوێندنەوە و پێلەبەركردن و شیكردنەوەی و لێكدانەوەی ئەوەی كە لێتێگەیشتنی پێویستە .

*** وانەی دووەم : پایەكانی ئیسلام :**

ڕوونكردنەوەی پێنج پایەكانی ئیسلام ،

وە یەكەمینیان و گەورەترینیان :

**شایەتیدانە** بەوەی كەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، وە بەڕاستی (مُحَمَّد)یش (ﷺ) پێغەمبەری خوایە ،

بە شیكردنەوەی و لێكدانەوەی واتاكانی لەگەڵ ڕوونكردنەوەی مەرجەكانی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) .

وە **واتاكەی** بریتییە لە : (لاَ إِلَــهَ) : ڕەتكردنەوەی هەموو ئەو پەرستراوانەی كە جگە لە خوا دەپەرسترێن ، (إِلاَّ اللَّه) : سەلماندنی پەرستن بۆ خوای تەنها و بێ‌شەریك .

وە **مەرجەكانی** (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه)یش بریتین لە :

١ ـ زانیاری بە واتاكەی كە نەزانی ڕەتدەكاتەوە .

٢ ـ وە دڵنیابوون كە گومان ڕەتدەكاتەوە .

٣ ـ وە نیازپاكی كە شیرك و هاوبەشی ڕەتدەكاتەوە .

٤ ـ وە ڕاستگۆیی كە درۆ ڕەتدەكاتەوە .

٥ ـ وە خۆشەویستی كە ڕق لێبوون ڕەتدەكاتەوە .

٦ ـ وە پابەندبوون كە وازلێهێنان ڕەتدەكاتەوە .

٧ ـ وە وەرگرتن كە ڕەتكردنەوە ڕەتدەكاتەوە .

٨ ـ وە بێباوەڕبوون بەوەی كە جگە لە خوا دەپەرسترێت .

وه هەموو ئەم مەرجانه لەم دوو بەیتەدا كۆكراونەتەوه :

عِلْمٌ يَقِينٌ وإخلاصٌ وصِدقُكَ مَعَ     محبَّةٍ وانقيادٍ والقبولِ لها
وَزِيدَ ثامنها الكُفرانُ مِنْكَ بِمَا     سِوى الإلهِ من الأَوثانِ قَدْ أُلِّها

لەگەڵ ڕوونكردنەوەی شایەتیدان بەوەی كەوا (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەری خوایه و **خواستراوەكانی** ـ كه بریتین له ـ :

ـ بەڕاستخستنەوەی لەوەی كه هەواڵی پێداوه .

ـ وه گوێڕایەڵی كردنی لەوەی كه فەرمانی پێكردووه .

ـ وه دووركەوتنەوه لەوەی كه قەدەغەی كردووه و ڕێگری لێكردووه .

ـ وه خوا نەپەرسترێت مەگەر تەنها بەو شەریعەتە نەبێت كه ئەو هێناویێتی .

ئەنجا باقی پێنج پایەكانی تری ئیسلام ڕوونبكاتەوه بۆ فێرخوازان كه بریتین له : نوێژ و زەكات و ڕۆژووی رەمەزان و حەج كردنی ماڵی حورمەتگیراوی خوای گەوره بۆ هەركەسێك له توانایدا هەبێت بیكات .

### * وانەی سێیەم : پایەكانی ئیمان :

پایەكانی ئیمان شەشن كه ئەمانەن : باوەڕ بێنیت به خوا و فریشتەكانی و كتێبەكانی و پێغەمبەرەكانی و ڕۆژی دوایی ، وه باوەڕ بێنیت به قەدەر خێر و شەڕی كه له لایەن خوای گەورەوەیه .

### * وانەی چوارەم : بەشەكانی یەكخواپەرستی و بەشەكانی شیرك :

ڕوونكردنەوەی بەشەكانی یەكخواپەرستی (أقسام التوحيد) كه سیانه :

١ ـ یەكتاكردنەوەی خوا له پەرستراویێتیدا (توحيد الألوهية) .

٢ ـ یەكتاكردنەوەی خوا له پەروەردگاریێتیدا (توحيد الربوبية) .

٣ ـ یەكتاكردنەوەی خوا له ناو و صیفەتەكانیدا (توحيد الأسماء والصفات) .

*** یەكتاكردنەوەی خوا له پەروەردگاریێتیدا** (توحيد الربوبية) :

بریتی‌یه له باوەڕهێنان بەوەی كه خوای پاك و بێكەموكوڕی بەدیهێنەری هەموو شتەكانه ، وه

هەڵسوڕێنەر و بەڕێوەبەری هەموو شتەكانە ، وە هیچ شەریكی نییە لەوانەدا .

*** یەكتاكردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا** (توحيد الألوهية) :

بریتییە لە باوەڕهێنان بەوەی كە خوای پاك و بێكەموكوڕی تەنها ئەو پەرستراوە بە حەق بە بێ شەریك لەوەدا ، ئەوەش واتای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّــه)یە ، چونكە واتاكەی بریتییە لەوەی كە : هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، بۆیە پێویستە هەموو پەرستشەكان لە نوێژ و ڕۆژوو و جگە لەمانەش بە پاك و پوختیەوە تەنها بۆ خوا ئەنجامبدرێن .

*** یەكتاكردنەوەی خوا لە ناو و صیفتەكانیدا** (توحيد الأسماء والصفات) : بریتییە لە باوەڕهێنان بە هەموو ئەو ناو و سیفەتانەی خوای گەورە كە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەكاندا هاتوون ، وە سەلماندنیان بۆ خوا بە تەنها بەو شێوازەی كە شیاوە بۆ خوای پاك و بێكەموكوڕی بە بێ گۆڕین (تَحريف) و پەكخستن (تعطيل) و چۆنێتی بۆ دانان (تكييف) و نموونە بۆ هێنانەوە (تَمثيل) ، ئەمەش كردەوەكردنە بە فەرمایشتی خوای پاك و بێكەموكوڕی : ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤﴾ [الإخلاص] .

واتە : بڵێ خوا تاك و تەنهایە ، خوا پێویستی بە هیچ شتێك نییە و هەموو شتێكیش پێویستی بە ئەو هەیە ، كەسی لێنەبووە و لە كەسیش نەبووە ، وە هیچ كەسێكیش هاووێنەی ئەو نییە .

وە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى] .

واتە : هیچ شتێك وەكو خوا نییە و خواش بیسەر و بینەرە .

وە هەندێك لە زانایان كردوویانە بە دوو بەشەوە : (**یەكتاكردنەوەی خوا لە ناو و صیفتەكانیدا** / توحيد الأسماء والصفات)ی خستووەتە نێو (**یەكتاكردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا** / توحيد الربوبية) ، وە ئەمەش هیچ لاریەكی تێدا نییە چونكە مەبەستەكە لە هەردوو دابەشكردنەكەدا روونە .

وە **بەشەكانی شیرك سیانە :**

١ ــ **شیركی گەورە** (شركٌ أكبر) .

٢ ــ **شیركی بچووك** (شركٌ أصغر) .

٣ ــ **شیركی نادیار و شاراوە** (شركٌ خَفِيٌّ) .

**شـیركی گـەورە** ئـەوە دەخوازێـت كـە كردەوەكـان هەڵوەشـێنێتەوە و پووچـەڵیان بكاتـەوە ، وە مانەوەی هەتاهەتاییش لە نێو ئاگردا بۆ ئەو كەسەی كە لەسـەری دەمرێـت ، هـەروەكو خـوای پـاك و گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : وە ئەگەر شیریك ئەنجامبدەن ئەوا كردەوەكانیان هەڵدەوەشێتەوە .

وە خوای پاك و بێكەموكوڕی فەرموویەتی : ﴿مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُواْ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ شَـٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَـٰلِدُونَ ﴿١٧﴾﴾ [التوبة] .

واتە : بۆ موشریكـەكـان نیيە ماڵەكانـی خوا ئاوەدان بكەنـەوە لە كاتێكدا كە شایەتی كوفریان‌داوە بەسەر خۆیاندا ، ئا ئەوانە كردەوەكانیـان هەڵوەشـێنراوەتەوە و لـە نێو ئاگریشدا بە هەتاهەتایی دەمێننەوە .

وە هەر كەسێكیش لەسەری بمرێت ئەوا هەرگیز خوا لێیخۆش‌نابێت ، وە بەهەشتیشی لـێ حەرام و قەدەغە دەبێت هەروەكو خوای گەورە فـەرمـوویـەتـی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾﴾ [النساء] .

واتـە : بەڕاسـتی خـوا لـەوە خۆشـنابێت كـە شـەرێكی بـۆ دابنرێـت ، وە لـە خـواrووی ئـەوەوە خۆشدەبێت بۆ هەر كەسێك كە خۆی ویستی لـێی هەبێت .

وە خوای پاك و بێكەموكوڕی فەرموویـەتـی : ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾ [المـائدة] .

واتە : بەڕاستی هەركەسێك شەریك بۆ خوا دابنێـت ئـەوا بـەدڵنیایی خـوا بەهەشـتی لـێ حـەرام و قەدەغە دەكات و جێگای حەوانـەوەی ئـاگری دۆزەخـە ، وە موشـریكەكان هـیچ كەسـێك پـشتیوان و تكاكاریان نییە .

وە **لە جۆرەكـانی شـیركی گـەورە** : دوعـا و پاڕانـەوە لـە مـردوو و بتـەكان و هانـا بـۆ لابردنیـان و نەزركردن و حەیوان سەربڕین بۆیان و هاوشێوەكانی ئەمانەش .

وە **شیركی بچووك** : بریتیـیە لەوەی كە بە دەقەكانی قورئان یان فەرمووده سەلمێنراوە بە شـیرك نـاوبراوە بـەڵام لـە جـۆری شـیركی گـەورە نـیـیـە : وەكـو ریـــا و پێشـچاوی كـردن لـە هەنـدێك لـە كردەوەكاندا ، وە سوێندخواردن بە جگە لە خوا ، وە وتەی : ئەگەر خوا و فلان ویـستیان لــێبێت و هاوشێوەكانی ئەوانە ، لەبەر فەرمایـشتی پێغەمبـەر (ﷺ) : ((أَخْوَفُ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ)) فَسُئِلَ عَنْهُ ، فَقَالَ : ((الرِّيَاءُ))[1].

واتە : ترسناكترین شتێك كە لـێی بترسم لەسەرتان شیركی بچووكە ، پرسـیاری لێكـرا سـەبارەت بەوە ، فەرمووی : ریـــا و پێشچاوی كردنە .

وە لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((مَنْ حَلَفَ بِشَيْءٍ دُونَ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ))[2].

واتە : هەركەسێك سوێندبخوات بە شتێك جگە لە خوا ئەوا شیركی ئەنجامداوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ))[3].

واتە : هەركەسێك سوێندبخوات بە جگە لە خوا ئەوا كوفری كردووە یان شیركی ئەنجامداوە .

وە لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((لاَ تَقُولُوا : مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ فُلاَنٌ ، وَلَكِنْ قُولُوا : مَا شَـــاءَ اللَّهُ ثُمَّ شَاءَ فُلاَنٌ))[4].

واتە : مەڵێن : ئەگەر خوا و فـلان ویـستیان لــێبێت ، بـەڵكو بڵـێن : ئەگـەر خـوا و پاشـان فـلان ویستیان لـێبێت .

وە ئـەم جـۆرەی شـیرك هەڵگەڕانـەوە و دەرچـوون و پاشـگەزبوونەوە لـە دیـن نـــاخوازێت ، وە مانەوەی هەتاهەتاییش لە نێو ئاگردا ناخوازێت ، بەڵام یەكخواپەرستی تەواو و پێویست ڕەتدەكاتەوە .

[1] رواه الإمام أحمد والطبرانـــي والبيهقي عن محمود بن لبيد الأنصاري (ﷺ) بإسناد جيد ، ورواه الطبرانـــي بأسانيد جيدة عن محمود بن لبيد عن رافع بن خديج عن النبي (ﷺ) .

[2] رواه الإمام أحمد بإسناد صحيح عن عمر بن الـــخطاب (ﷺ) .

[3] رواه أبو داود والترمذي بإسناد صحيح من حديث ابن عمر (ﷺـــما) .

[4] أخرجه أبو داود بإسناد صحيح عن حذيفة بن اليمان (ﷺ) .

www.ba8.org

وە جۆری سێیەم کە **شیرکی نادیار و شاراوەیە** : بەڵگەکەی بریتیـیە لـە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنَ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ ؟ قَالُوا : بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : الشِّرْكُ الْخَفِيُّ ، يَقُومَ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلاَتَهُ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ الرَجُلِ إِلَيْهِ))[٥].

واتە : ئایا هەواڵتان نەدەمێ بەوەی کە بە لامەوە ترسناکترین شتە لەسەرتان لە مەسیحی دەججال ؟ وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : شیرکی نادیار و شاراوەیە .. پیاوێك هەڵدەسێت نوێژدەکات و نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کە دەبینێت پیاوێکی تر سەیری دەکات .

وە دروستیشە شیرك دابەش بکرێت بەسەر تەنها دوو جۆردا : شیرکی گەورە و بچووك .

بەڵام شیرکی نادیار و شاراوە ئەوا هەردووکیان دەگرێتەوە : لە گەورەکەیاندا بوونی هەیە وەکو شیرکی مونافیق و دووڕووەکان چونکە ئەوان بیروباوەڕە پوچەڵەکانیان دەشارنەوە ، وە ئیسلامەتی دەردەبڕن و ڕادەگەیەنن بە مەبەستی ریـا و پێشچاوی کردن وە لەبەر هەبوونی ترس لەسەر خۆیان .

وە شیرکی نادیار و شاراوە لە شیرکی بچووکیشدا بوونی هەیە وەکو ریـا و پێشچاوی کردن ، هەروەکو لە فەرموودەکەی (محمود بن لبيد الأنصاري) و فەرموودەکەی (أبو سعيد)دا هاتووە کە لە پێشەوە باسکران ، والله ولـي التوفيق .

### * وانەی پێنجەم : چاکەکاری ( الإحسان ) :

پایەی **چاکەکاری** (**الإحسان**) بریتیـیە لەوەی کە : خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

---

[٥] رواه الإمام أحمد في مسنده عن أبـي سعيد الـخدري (ﷺ) .

*** وانەی شەشەم : مەرجەکانی نوێژ** (شروط الصلاة) :

مەرجەکانی نوێژ بریتین له (٩) نـۆ مەرج کە ئەمانەن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ وە عاقڵ بوون .

٣ ـ وە تەمیزکردن و تێگەیشتن و جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتر .

٤ ـ وە لابردنی بێنوێژی .

٥ ـ وە لابردنی پیسی .

٦ ـ وە داپۆشینی عەورەت .

٧ ـ وە ڕۆیشتنە ناو کاتەوە .

٨ ـ وە ڕووکردنە قیبلە .

٩ ـ وە هەبوونی نییەت .

*** وانەی حەوتەم : پایەکانی نوێژ** (أركان الصلاة) :

پایەکانی نوێژ (١٤) چواردەن کە ئەمانەن :

١ ـ بە پێوە وەستان لەگەڵ هەبوونی توانادا .

٢ ـ وە تەکبیرەی ئیحرام [(الله أكبر)ی دابەستنی نوێژ] .

٣ ـ وە خوێندنی سورەتی فاتیحە .

٤ ـ وە کڕنوش بردن (الركوع) .

٥ ـ وە ڕاستبوونەوەی پاش کڕنوش بردن .

٦ ، ٧ ـ وە سوجدەبردن لەسەر هەر حەوت ئەندامەکە ، وە ڕاستبوونەوەش لـێی .

٨ ـ وە دانیشتنی نێوان هەردوو سوجدەکە .

٩ ـ وە ئارامبوون و لەجووڵەکەوتن لە هەموو کردارەکاندا .

١٠ ـ وە ریزبەندی (الترتيب) لە نێوان هەموو پایەکاندا .

١١ ، ١٢ ـ وە شایەتومانی (تەحیاتی) کۆتایی و دانیشتن بۆی .

١٣ ـ وه سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) .

١٤ ـ وه هەردوو سەلامدانەوەکە .

## * وانەی هەشتەم : فەرزەکانی نوێژ (واجبات الصلاة) :

فەرزەکانی نوێژ (٨) هەشتن کە ئەمانەن :

١ ـ هەموو (الله أكبر)ەکان جگە لە تەکبیرەی ئیحرام کە رووکنە .

٢ ـ وه وتەی (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَه) بۆ ئیمام و تاك .

٣ ـ وه وتەی (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد) بۆ هەموان .

٤ ـ وه وتەی (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيم) لە کڕنوشدا .

٥ ـ وه وتەی (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى) لە سوجدەدا .

٦ ـ وه وتەی (رَبِّ اغْفِرْ لِي) لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا .

٧ ، ٨ ـ وه شایەتومانی (تەحیاتی) یەکەم و دانیشتن بۆی .

## * وانەی نۆیەم : روونکردنەوەی (شایەتومان / تەحیات) :

روونکردنەوەی شایەتومان ئەوەیە کە بڵێت : ((التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَى النَّبِيِّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)) .

ئەنجا سەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و دوعای بەرەکەتی بۆ بکات و بڵێت : ((اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ)) .

ئەنجا لە تەحیاتی کۆتاییدا پەنابگرێت بە خوا لە سزای دۆزەخ و لە سزای گۆڕ و لە ئاشووبی ژیان و مردن و لە ئاشووبی مەسیحی دەججال و بڵێت : ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)) .

ئەنجا لە ئەو دوعایانە هەڵدەبژێرێت کە ویستی لێیەتی ، بە تایبەت ئەوانەی کە لە سوننەت و ئاثارەکاندا هاتوون و لەوانەش : ((اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)) ، ((اللَّهُمَّ إِنِّي

ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمَاً كَثِيراً وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُــوبَ إِلاَّ أَنْتَ ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْــدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْــتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)) .

بەڵام لە شایەتومانی (تەحیاتی) یەكەمدا ئەوا لە پـاش هـەردوو شـایەتیدانەكە هەڵدەسـێتەوە بـۆ ركعاتی سێیەم لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشادا ، وە ئەگـەر سـەڵاواتیش بـدات لەسـەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا باشترە لەبەر گشتێتی ئەو فەرموودانـەی كـە لـەو بارەیـەوە هـاتوون ، ئـەنجا لـە پاش ئەوە هەڵدەسێتەوە بۆ ركعاتی سێیەم .

* **وانەی دەیەم : سوننەتەكانی نوێژ** (سُنَنُ الصلاة) :

لە سوننەتەكانی نوێژ :

١ ـ زیكر و دوعای سەرەتای دەستپێكردنی نوێژ .

٢ ـ دەستی ڕاست بخرێتە سەر دەستی چەپ و لەسەر سنگ دابنرێت لە كاتی وەستاندا لە پێش و پاش كڕنوش .

٣ ـ بەرزكردنەوەی هەردوو دەست بە یەكخستن و كراوەیەتی پەنجەكان تـا ئاسـتی هـەردوو شـان یان هەردوو گوێ لە كاتی (اللہ أكبر)ی یەكەمدا ، وە لە كاتی كڕنوش بـردن و بەرزبوونـەوەش لـێ ، وە لە كاتی هەستانەوەش لە شایەتومانی (تەحیاتی) یەكەمدا بۆ ڕكعاتی سێیەم .

٤ ـ زیاتر لە یەك جار وتنی تەسبیحاتی كڕنوش و سوجدە بردن .

٥ ـ زیاتر لە وتـەی (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد) لـە پـاش هەسـتانەوە لـە كڕنـوش ، وە زیـاتر لـە یـەك جار پاڕانەوە بە داوای لێخۆشبوون لە نێوان هەردوو سوجدەكەدا .

٦ ـ ڕاگرتنی سەر لە ئاست پشتدا لە كڕنوشدا .

٧ ـ بەدوورخستنەوەی هەردوو بازوو لە هەردوو لاكەلەكە ، وە بەدوورخستنەوەی سـك لە هەردوو ڕان ، وە بەدوورخستنەوەی هەردوو ڕان لە هەردوو قاچ لە سوجدەدا .

٨ ـ بەرزكردنەوەی هەردوو قۆڵ لە زەوی لە كاتی سوجدەدا .

٩ ـ دانیشتنی نوێژگەر لەسەر پێی چەپی بە ڕاخراوەیی ، وە چەقاندنی پێی ڕاستی بە زەویدا لە شایەتومانی (تەحیاتی) یەكەم و لە نێوان هەردوو سوجدەكەدا .

١٠ ـ تەوەروك لە شایەتومانی (تەحیاتی) كۆتاییدا لە نوێژە سێ و چوار ركعاتیەكاندا : كە بریتیە لە دانیشتن لەسەر سمتی ، وە پێی چەپی بخاتە ژێر پێی ڕاستی و پێی ڕاستیشی بە زەویدا بچەقێنێت .

١١ ـ ئاماژەكردن بە پەنجەی شایەتومان لە تەحیاتی یەكەم و دوومیشدا لەو كاتەوە كە دادەنیشێت تاوەكو كۆتایی تەحیات ، وە جوڵاندنی لە كاتی دوعا و پاڕانەوەدا .

١٢ ـ سەڵاوات و دوعای بەرەكەت بەسەرداڕژان لەسەر (مُحَمَّد) و (آلِ مُحَمَّد) ، وە لەسەر (إِبْرَاهِيم) و (آلِ إِبْرَاهِيم) لە تەحیاتی یەكەمدا .

١٣ ـ دوعاكردن و پاڕانەوە لە تەحیاتی كۆتاییدا .

١٤ ـ دەربڕینی قورئان خوێندن لە نوێژی بەیانی و نوێژی جومعە و نوێژی هەردوو جەژن و نوێژە بارانەدا ، وە لە دوو ركعاتی یەكەمی هەردوو نوێژی مەغریب و عیشایشدا .

١٥ ـ بە كپ خوێندن و دەرنەبڕینی قورئان خوێندن لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و لە ركعاتی سێیەمی مەغریب و دوو ركعاتی كۆتایی عیشایشدا .

١٦ ـ خوێندنی قورئان زیاتر لە سورەتی فاتیحە ، لەگەڵ بەئاگابوون لە باقی تری سوننەتەكان لە نوێژدا جگە لە ئەوانەی كە باسمانكردن ، وە لەوانە : زیاتر لە وتەی نوێژگەر (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْـــد) لە پاش هەستانەوە لە كڕنوش بۆ ئیمام و مەئموم و تاك ، ئەمە سوننەتە ، هەروەها لەوانە : دانانی هەردوو دەست بە بڵاوكردنەوەی پەنجەكان لەسەر هەردوو ئەژنۆ لە كاتی كڕنوشدا .

*** وانەی یازدەیەم : هەڵوەشێنەرەوەكانی نوێژ** (مُبطلات الصلاة) :

هەڵوەشێنەرەوەكانی نوێژ (٨) هەشتن كە ئەمانەن :

١ ـ قسەكردن بە ئەنقەست لەگەڵ بەئاگابوون و زانیندا ، بەڵام كەسی لە بیرچوو و نەزان ئەوا نوێژەكەیان بەوە هەڵناوەشێتەوە .

٢ ـ پێكەنین .

٣ ـ خواردن .

٤ ـ خواردنەوە .

٥ ـ دەركەوتنی عەورەت .

٦ ـ لادان و وەرچەرخانی زۆر لە رووی قیبلەدا .

٧ ـ دەست هێنان و بردنی زۆری یەكبەدوای یەك لە ناو نوێژدا .

٨ ـ دەستنوێژ شكان .

*** وانەی دوانزەیەم : مەرجەكانی دەستنوێژ** (شروط الوُضوء) :

مەرجەكانی دەستنوێژ (١٠) دە مەرجن كە ئەمانەن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ وە عاقڵ بوون .

٣ ـ وە تەمیزكردن و تێگەیشتن و جیاكردنەوەی شتەكان لە یەكتر .

٤ ـ وە هەبوونی نییەت .

٥ ـ وە لەگەڵدابوونی حوكمەكەی بەوەی كە نیازی پچڕانیی نەبێت تاوەكو پاك وخاوێنیەكەی تەواو بێت .

٦ ـ وە نەمان و كۆتایی هاتن و لێبوونەوە لە ئەوەی كە دەستنوێژ دەخوازێت .

٧ ـ وە خۆ پاك وخاوێنكردنەوە و تارات گرتن بە ئاو یان بە بەرد لە پێش دەستنوێژگرتن .

٨ ـ وە پاك وخاوێنی و حەلاڵێتی ئەو ئاوەی كە دەستنوێژی پێدەگیرێت .

٩ ـ وە لابردنی ئەوەی كە دەبێتە رێگر لە گەیشتنی ئاوی دەستنوێژگرتن بە پێست .

١٠ ـ وە رۆیشتنە ناو كاتی نوێژەوە بۆ ئەو كەسەی كە هەمیشە بێدەستنوێژە .

*** وانەی سیانزەیەم : فەرزەكانی دەستنوێژ** (فُروض الوُضوء) :

فەرزەكانی دەستنوێژ (٦) شەشن كە ئەمانەن :

١ ـ شۆردنی روومەت ، وە ئاوڕادانە ناو دەم و لووتیش بەشێكن لێی .

٢ ـ وە شۆردنی هەردوو دەست تاوەكو هەردوو ئانیشك (قورنێسك) .

٣ ـ وە دەست هێنان بە هەموو سەردا ، وە هەردوو گوێیش بەشێكن لە سەر .

٤ ـ وە شۆردنی هەردوو پێ لەگەڵ هەردوو قولەپێ (قاپەڕەقەی پێ) .

٥ ـ وە ریزبەندی (الترتیب) لە نێوان هەموو پایەكاندا .

www.ba8.org

٦ ـ پێكەوەبوون و بەدوای یەكتردا بوون (الْـــمُوَالاَة) : (كە بـريتيـیـە لـە شـۆردنی ئەندامـەكانی دەستنوێژ یەك بە دوای یەك بە بێ ئەوەی ناوبڕێكی درێژ بكەوێتە نێوەندیانەوە) .

وە سوننەتە شۆردنی روومەت و هەردوو دەست و هەردوو پێ (٣) سێ جـار دووبـارە بكرێتـەوە ، وە بە هەمان شێوەش ئاوڕادانە ناو دەم و ئاوڕادانە لووتیش ، وە ئەوەی كە فەرزە لەوەدا تەنها یـەك جارە ، بـەڵام دەسـتهێنان بەسـەر سـەردا ئـەوا سـوننەت نـیـە دووبـارە بكرێتـەوە هـەروەكو چـۆن فەرمووده صەحیحەكان بەڵگەن لەسەر ئەوە .

* **وانەی چواردەیەم** : **هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ** (مُبطلات الوُضوء) :

هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ (٦) شەشن كە ئەمانەن :

١ ـ ئەوەی كە لە هەردوو ڕێگای (پێش و پاشەوە) دێتە دەرەوە .

٢ ـ وە ئەو شتە خراپ و پیسەی كە لە جەستە دێتە دەرەوە .

٣ ـ وە نەمانی هەست و هۆش بە خەولـێكەوتن یان جگە لەوە .

٤ ـ وە دەست هێنان بە عەورەتدا پێشەوە بێت یان پاشەوە بە بـێ هەبوونی بەربەست .

٥ ـ وە خواردنی گۆشتی وشتر .

٦ ـ وە پاشگەزبوونەوە و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام ، خوا پەنای ئێمە و موسڵمانانیش بدات لەوە .

**تێبینییەكی گرنگ** :

شۆردنی مردوو : ڕاست ئەوەیە كە دەستنوێژ هەڵناوەشێنێتەوە ، ئەمەش وتەی زۆرینەی زانایانـە لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەر ئـەوە ، بـەڵام ئەگـەر دەسـتی مردووشـۆرەكە بـەر عـەورەتی مردووەكـە كەوت بە بێ بەربەست ئەوا دەستنوێژ گرتن پێویست دەبێت لەسەری .

وە پێویستە لەسەری كەوا دەستی بەر عەورەتی مردووەكە نەكەوێت ئیللا بە بەربەستەوە نەبێت

وە بەهەمان شێوە دەست بەركەوتنی ئافرەتیش دەستنوێژ هەڵناوەشێنێتەوە بە ڕەهـایی ـ جـا چ ئەو دەست بەركەوتنە بە ئارەزووەوە بێت یاخود بـە بـێ ئـارەزوو یەكسانە لـە ڕاسـترینی دوو وتـەی زانایانـدا ـ ئەگـەر هـیچ شـتێكی لــێنەیەتە دەرەوە ، چـونكە پێغەمبـەر (ﷺ) ماچـی هەنـدێك لـە خێزانەكانی كردووە و پاشان نوێژی كردووە و دەستنوێژیشی نەگرتووەتەوە .

وە فەرمایشتی خوای پاك و بێكەموكوڕی لە هەردوو ئایەتەكەی (النـــساء والـــــمائدة)دا : ﴿أَوْ

﴿لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ [النساء: ٤٣، والمائدة: ٦] ئەوا مەبەست پێی جووتبوونە لە ڕاسترینی دوو وتەی زانایاندا ، وە ئەوە وتەی (ابن عباس رضي الله عنهما) و کۆمەڵێك لە زانایانی پێشین و پاشینە ، والله ولـي التوفيق .

## * وانەی پانزەیەم : خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتە شەرعیەکان بۆ هەموو موسڵمانێك :

خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتە شەرعیەکان بۆ هەموو موسڵمانێك ، وە لەوانە :

ڕاستگۆیی ، ئەمانەتپارێزی ، دەست و زمان و داوێن پاکی ، شەرم کردن ، ئازایەتی ، بەخشندەیی ، وەفاداری ، خۆبەدوورگرتن و خۆپاکڕاگرتن لە هەموو ئەوانەی کە خوا حەرام و قەدەغەی کردوون ، وە چاکبوون لەگەڵ دراوسێدا ، وە هاوکاری کردن و یارمەتیدانی کەسانی خاوەن پێداویستییەکان بە پێی توانا ، وە جگە لەوانەش لەو ڕەوشتانەی کە قورئان یان فەرموودە بەڵگەن لەسەر شەرعیەتبوونیان .

## * وانەی شانزەیەم : خووگرتن بە ئاداب و ئاکار و خووە ئیسلامییەکان :

خووگرتن بە ئاداب و ئاکار و خووە ئیسلامییەکان ، وە لەوانە :

سەلام کردن ، ڕووخۆشی ، خواردن و خواردنەوە بە دەستی ڕاست ، وە ناوهێنانی خوا بە وتنی (بِسْمِ اللَّه) لە سەرەتای دەست پێکردن و سوپاس و شوکر کردنیشی بە وتنی (الْحَمْدُ لِلَّـه ...) لە کاتی لێبوونەوە و کۆتایی پێهێنانیدا ، وە سوپاس کردنی خوا بە وتنی (الْحَمْدُ لِلَّه) لە کاتی پژمیندا ، وە دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی کە دەپژمێت ئەگەر سوپاسی خوای کرد ، وە سەردانکردنی نەخۆش ، وە شوێنکەوتنی جەنازە بۆ نوێژ لەسەرکردنی و ناشتنی ، وە ئاداب و ئاکارە شەرعییەکانی کاتی ڕۆیشتنە ناو مزگەوت یان ناوماڵەوە وە لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوەش لێیان ، وە لە کاتی سەفەریشدا ، وە لەگەڵ باوك و دایك و خزم و کەس و کار و دراوسێ و گەورە و بچووکیشدا ، وە پیرۆزبایی کردن بە لە دایك بوونی منداڵ ، وە دوعای بەرەکەت بەسەرداڕژان لە کاتی ژنهێنان یان شوکردندا ، وە سەرەخۆشی لێ کردن و دڵنەوایی کردن لە کاتی کارەسات و ناهەمواری و موسیبەتدا ، وە جگە لەوانەش لە ئاکار و ئادابە ئیسلامییەکان لە کاتی لەبەرکردن و داماڵینی پۆشاك و لەپێکردنی پێڵاو .

*** وانەی حەڤدەیەم : بەئاگابوون و بەئاگاهێنانەوە لە شیرك و جۆرەكانی تاوانەكان :**

بەئاگابوون و بەئاگاهێنانەوە لە شیرك و جۆرەكانی تاوانەكان ، وە لەوانە :

١ ـ شەریك بۆ خوا دانان .

٢ ـ وە سیحر و جادوو كردن .

٣ ـ وە كوشتنی ئەو كەسەی كە خوا كوشتنیی حەرام و قەدەغە كردووە ئیللا بە حەق نەبێت .

٤ ـ وە خواردنی ماڵی یەتیم .

٥ ـ وە خواردنی ریـبـا و سوو .

٦ ـ وە پشـتـهەڵـكـردن لەبـەرەی جـەنـگ لە ڕۆژی پێشڕەوی كـردنـدا .

٧ ـ وە تاوانباركردن و توهمەتباركردنی ئافرەتانی داوێن پاكی بێئاگای ئیماندار بە بەدڕەوشتی .

* وە لـەوانە : ئەزیت و ئەشكەنجەدانی باوك و دایك ، وە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی ، وە شایەتیدانی ناڕەوا و ناڕاست و بێبنەوا ، وە سوێندنی درۆ ، وە ئەزیتدانی دراوسێ ، وە زوڵم و ستەم كردن لە خەڵك لە : خوێن و سامان و ناموسیاندا ، وە خواردنـەوەی شـتـە سەرخۆشـكـەر و بێهۆشـكـەرەكان ، وە قومـار كـردن ، وە غـەیبـەت كـردن ، وە فاتوفیـت كـردن و قـسەهێنان و قـسەبردن ، وە جگـە لەوانـەش لەوانـەی كـە خـوا یـان پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) نـەهیان لـێكردووە .

*** وانەی هەژدەیەم : ئامادەكردنی مردوو و نوێژ لەسەر كردن و ناشتنی :**

ئەوەیە ووردەكاریەكانی :

*** ئامادەكردنی مردوو :**

**یەكـەم** : شەرع دەخوازێت ئەو كەسەی كە لە حاڵەتی سەرەمەرگدایە تەلقین بكرێت بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه) [واتە : بە بیریدا بهێنرێتەوە و بخرێتە سەر زمانی] ئەمـەش لەبـەر فەرمایـشتی پێغەمبـەر (ﷺ) : ((لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ : لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه))[٦].

واتە : (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه) بە بیری ئەوانەتان بهێننەوە كـە لـە حاڵـەتی سـەرەمەرگدان و بیخەنـە سـەر

[٦] رواه مسلم في صحيحه .

زمانیان و بەمە تەلقینیان بكەن .

وە مەبەسـت بە (الــمَوْتَــى) لەم فەرمووده‌یـەدا : ئەوانەن كـە لـە حاڵەتی سەرەمەرگدان كە ئەوانەن وا نیشانەكانی مردنیان بەسەردا دەركەوتووە .

**دووەم** : ئەگەر دڵنیابوون لـە مردنـی ئـەوا هـەردوو چـاوی دادەخرێـت و هـەردوو چـەناكەی تونـد دەكرێت و دەدرێنەیــەك لەبەر هاتنی سوننەت بەمە .

**سێیەم** : پێویست و واجبە مردووی موسـڵمان بـشۆردرێت ، ئـیللا مەگـەر شـەهیدی جـەنگ بێـت چونكە ئەمە ناشۆردرێت ، وە نوێژیشی لەسەر ناكرێت ، بەڵكو هەر لە نێو جلەكانی خۆیدا دەنێـژرێت ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) كوژراوەكانی ئوحدی نەشۆرد و نوێژیشی لەسەر نـەكردن .

**چوارەم : چۆنیێتی شۆردنی مردوو** :

عەورەتی دادەپۆشرێت و ئەنجا بەرز دەكرێتەوە ، وە بە نەرمی و لەسـەرخۆ سـكی دەگوشـرێت ، ئەنجا مردووشۆرەكە پارچـە پەڕۆیـەك یـان هاوشـێوەی ئـەوە لـە دەسـتی دەپێـچێت و بـەوە پـاك و خاوێنی دەكاتەوە ، ئەنجا دەستنوێژی بۆ دەگیرێت وەكـو دەسـتنوێژی نوێـژ ، ئـەنجا سـەر و ریـشی دەشۆرێت بە ئاو و سیدر یان بە هاوشێوەی سیدر ، ئەنجا لای ڕاستی دەشۆرێت ، ئەنجا لای چەپی ، ئەنجا بۆ جاری دووەم و سێیەم بەو شێوەیە دەیشۆرێت ، لـە هـەموو جارێكیـشدا دەسـت دەهێنێـت بەسەر سكیدا ، وە ئەگەر شتێكی لـێوە دەرچوو ئەوا دەیشۆرێت و ئەو شـوێنەش بـە لۆكـە یـان بـە هاوشێوەی لۆكە دەبەستێت ، وە ئەگەر نەیگرتەوە ئەوا بە قوڕی گەرم یان بە كەرەستە پزیـشكیـیە نوێیەكانی وەكو لەزگە و هاوشێوەكانی .

وە دووبارە دەستنوێژی بۆ دەگرێتەوە ، وە ئەگەر بە سـێ جـار شـۆردن خـاوێن نـەبووەوە ئـەوا زیاتری دەكات بۆ پێنج یان حەوت جار ، ئەنجا بە پۆشاكێك وشكی دەكاتەوە ، وە بۆن دەخاتە نێـو بنـباڵ و شوێنەكانی سوجدە بردنیەوە ، وە ئەگەر هەمووی بۆنخۆش بكات ئەوا باشە ، وە كفنەكانی بە بخور بۆنخۆش دەكات ، وە ئەگەر سمێڵ و نینۆكەكانی درێژبوون ئەوا لێیان دەگرێـت ، وە ئەگـەر وازیشی هێنا لێیان ئەوا هیچی تێدا نییە ، وە قژی شانە ناكات و بەری ناتاشـێت و خەتەنـەی ناكـات چونكە بەڵگە نەهاتووە لەسەر ئەوانە ، وە ئافرەت قژی دەكرێت بە سێ پەلك و لـە پـشتی سـەریەوە شۆڕدەكرێتەوە .

**پێنجەم : كفن كردنی مردوو :**

باشتر وایە پیاو بە سێ پۆشاكی سپی كفن بكرێت كە كراس و سەروێنی تێدا نەبێت هەروەكو چۆن ئەمە كرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ، دەخرێتە ناویەوە و پێی دەپێچرێتەوە ، وە ئەگەر كفنیش بكرێت بە كراس و عەورەت پۆش (ئیزار) و شاكفن ئەوا هیچی تێدا نییە .

وە ئافرەت لە پێنج پۆشاكدا كفن دەكرێت : لە كراسێك و سەرپۆشێك و عەورەت پۆشێك و دوو شاكفندا .

وە ئەوەی كە واجب و پێویستە لە حەقی هەمووانیدا تەنها یەك پۆشاكە كە هەموو مردووەكە بپۆشێت ، بەڵام ئەگەر مردووەكە لە ئیحرامدا بوو ئەوا بە ئاو و سیدر دەشۆردرێت ، وە كفن دەكرێت بە عەورەت پۆش (ئیزار) و شان و سك پۆشەكەی (ریدائەكەی)دا یان بە جگە لەو دووانە ، وە سەر و روومەتی داناپۆشرێت و بۆنخۆش ناكرێت چونكە لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەكرێتەوە و (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ ..) دەڵێت ، هەروەكو چۆن فەرموودەی صەحیح بەمە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، وە ئەگەر ئەو كەسەی وا لە ئیحرامدایە و مردووە ئافرەت بوو ئەوا كفن دەكرێت وەكو جگە لەو بەڵام بۆنخۆش ناكرێت و روومەتی بە نیقاب و هەردوو دەستیشی بە دەستكێش داناپۆشرێت بەڵكو روومەت و هەردوو دەستی دەپۆشرێت بە ئەو كفنەی كە تێیدا كفن كراوە ، بەو شێوازەی كە لە پێشەوە روونمان كردەوە چۆن ئافرەت كفن دەكرێت .

وە منداڵی كوڕ لە نێو یەك تا سێ پۆشاكدا كفن دەكرێت ، وە منداڵی كچ لە نێو كراسێك و دوو شاكفندا كفن دەكرێت .

**شەشەم** : شایستەترین كەس بە شۆردن و نوێژ لەسەر كردن و ناشتنی مردوو ئەو كەسەیە كە خۆی وەصێتی كردووە بۆی ئەنجام بدات ، پاشان باوك ئەنجا باپیرە ، ئەنجا نزیكتر و نزیكتر لە پشتەكانی لە حەقی پیاودا .

وە لە پێشترین كەسیش بۆ شۆردنی ئافرەت : ئەو كەسەیە كە خۆی وەصێتی كردووە بۆی ئەنجام بدات ، پاشان دایك ئەنجا داپیرە ، ئەنجا نزیكتر و نزیكتر لە ئافرەتە خزم و دۆستەكانی .

وە ژن و مێرد دەتوانن یەكێكیان ئەوی تریان بشۆرێت چونكە (أبو بكر الصديق رضي الله عنه) خێزانەكەی شۆردی ، وە هەروەها (عَلي رضي الله عنه) خۆی (فاطمة)ی خێزانی (رضي الله عنها) شۆرد .

**حەوتەم : چۆنێتی نوێژ كردنی مردوو :**

چوار (اللَّهُ أَكْبَر) دەكات :

١ ــ لە پاش یەكەمیان سورەتی فاتیحە دەخوێنێت ، وە ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا سورەتێكی كورت یان ئایەتێك یان دوو ئایەت بخوێنێت ئەوا باشە ، لەبەر ئەو فەرموودە صەحیحەی كە لەو بارەیەوە لە (ابن عباس)ەوە (رضي الله عنهما) هاتووە .

٢ ــ پاشان (اللَّــهُ أَكْبَــر)ی دووەم دەكات و سەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) وەكو سەڵاواتدانی ناو شایەتومان (تەحیات) .

٣ ــ پاشان (اللَّهُ أَكْبَر)ی سێیەم دەكات و دەڵێت : ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا ، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا ، وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا ، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا ، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِسْلاَمِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِيـمَانِ ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ ، وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ ، وَنَقِّهِ مِنَ الذُّنُوبِ وَالْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ ، وَأَبْدِلْهُ دَاراً خَيْراً مِنْ دَارِهِ ، وَأَهْلاً خَيْراً مِنْ أَهْلِهِ ، وَزَوْجَاً خَيْراً مِنْ زَوْجِهِ ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ ، وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ ، اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ)) .

٤ ــ پاشان (اللَّهُ أَكْبَر)ی چوارەم دەكات و ئەنجا یەك سەلام دەداتەوە بە لای ڕاستیدا .

وە سوننەتە لەگەڵ هەموو (اللَّهُ أَكْبَر)ێكدا هەردوو دەستی بەرز بكاتەوە .

وە ئەگەر مردووەكە ئافرەت بوو ئەوا دەوترێت : ((اللَّهُمَّ اغْفِـرْ لَهَـا ...)) هتد ، وە ئەگەر جەنازەكان دووان بوون ئەوا دەوترێت : ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُمَا ...)) هتد ، وە بە كۆ ئەگەر زیاتر بوون لە دووان و دەڵێت : ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُمْ ...)) هتد .

وە ئەگەر منداڵ بوو ئەوا لە بری دوعای داوای لێخۆشبوون بۆی دەوترێت : ((اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ فَرَطَاً وَذُخْرَاً لِوَالِدَيْهِ ، وَشَفِيْعَاً مُجَابَاً ، اللَّهُمَّ ثَقِّلْ بِهِ مَوَازِيْنَهُمَا ، وَأَعْظِمْ بِهِ أُجُوْرَهُمَا ، وَأَلْحِقْهُ بِصَالِحِ سَلَفِ الْمُؤْمِنِينَ ، وَاجْعَلْهُ فِي كَفَالَةِ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ ، وَقِـهِ بِرَحْمَتِكَ عَذَابَ الْجَحِيْمِ)) .

* وە سوننەتە كەوا ئیمام لە ئاستی سەری پیاوەوە و لە ئاستی ناوەڕاستی ئافرەتەوە بوەستێت ، وە ئەگەر چەند جەنازەیەك كۆبوونەوە ئەوا جەنازەی پیاو لە پێشی ئیمامەوە دەبێت ، وە ئافرەتیش لە پێشی قیبلەوە دەبێت .

وە ئەگەر منداڵیان لەگەڵدا بوو ئەوا منداڵی كوڕ پێش دەخرێت بەسەر ئافرەتدا ، ئەنجا ئافرەت ئەنجا منداڵی كچ ، وە دەبێت سەری منداڵی كوڕ لە ئاست سەری پیاوەوە بێت ، وە ناوەڕاستی ئافرەتیش لە ئاست سەری پیاوەوە بێت ، وە بە هەمان شێوە سەری منداڵی كچ لە ئاست سەری ئافرەتەوە دەبێت ، وە دەبێت ناوەڕاستی منداڵی كچیش لە ئاست سەری پیاوەوە بێت ، وە نوێژگەران هەموویان لە پشتی ئیمامەوە دەبن ئیللا مەگەر یەكێك لە پشتی ئیمامەوە شوێنی دەستنەكەوێت ئەوا ئەوە لای ڕاستیەوە دەوەستێت .

**هەشتەم : چۆنێتی ناشتنی مردوو :**

شەرعی وایە كە قەبر قوڵ بێت تاوەكو ئاست ناوەڕاستی پیاو ، وە ئەلحەدەكە بە لای قیبلەدا بكەنرێت ، وە مردووەكە بە لای ڕاستیدا بخرێتە ناو ئەلحەدەكەوە ، وە گرێكانی كفنەكە بكرێنەوە و دەرنەكرێن بەڵكو وازیان لێبهێنرێت ، وە ڕوومەتی دەرنەخرێت چ مردووەكە پیاو بێت یاخود ئافرەت یەكسانە ، ئەنجا خشتەكان بخرێنە سەری و قوڕی لێبدرێت بۆ ئەوەی جێگیر ببێت و لە خۆڵ بیپارێزێت ، وە ئەگەر بە ئاسانی قوڕ دەستنەكەوت ئەوا بە هەر شتێكی تر جگە لە قوڕ وەكو پلێت یان بەرد یان تەختە كە بیپارێزێت لە خۆڵ ، پاشان خۆڵی بەسەردا دەكرێت ، وە سوننەتە لە كاتی ناشتنیدا بوترێت : ((بِسْمِ اللَّهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللَّهِ)) ، وە قەبرەكە بە ئەندازەی بستێك بەرز دەكرێتەوە ، وە ئەگەر كرا وردە بەردی لەسەر دابنرێت و ئاوپژێن بكرێت .

وە شەرعیە بۆ ئەوانەی كە شوێنی جەنازەكە كەوتوون لای قەبرەكەدا بوەستن و دوعا بۆ مردووەكە بكەن چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر لە ناشتنی مردوو ببوایەتەوە ئەوا لەسەری ڕادەوەستاو و دەیفەرموو : ((اسْتَغْفِرُوا لأَخِيكُمْ وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ)) .

واتە : داوای لێخۆشبوون و دامەزران بكەن بۆ براكەتان چونكە ئێستا پرسیاری لێدەكرێت .

**نۆیەم** : وە شەرعیە بۆ ئەو كەسەی كە نوێژی لەسەر نەكردووە لە پاش ناشتنی نوێژی لەسەر بكات ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی كردووە ، بە مەرجێك ئەوە لە ماوەی مانگێك یان كەمتردا بێت ، وە ئەگەر ماوەكە لە ئەوەندە زیاتر بوو ئەوا شەرعی نیە نوێژ لەسەر قەبر بكرێت ، چونكە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەگوێزراوەتەوە كەوا لە پاش تێپەڕبوونی مانگێك لە ناشتنی مردوو نوێژی لەسەر قەبر كردبێت .

**دەیەم** : دروست نیيه بۆ خێزانی مردوو خواردن دروست بكەن بۆ خەڵك ، لەبەر فەرمایشتی صەحابی گەورە و ڕێزدار (جَرِيرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيِّ ﷺ) : ((كُنَّا نَعُدُّ الاِجْتِمَاعَ إِلَى أَهْلِ الْمَيِّتِ وَصَنِيعَةَ الطَّعَامِ بَعْدَ دَفْنِهِ مِنَ النِّيَاحَةِ))(٧).

واتە : ئێمەی صەحابەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كۆبوونەوەی دەوری خاوەن مردوو و دروست كردنی خواردنی پاش ناشتنیمان بە شیوەن دەژمارد .

بەڵام دروست كردنی خواردن بۆ خێزانی مردووەكە یان بۆ میوانەكانیان ئەوا هیچی تێدا نییە ، وە شەرعییە بۆ خزم و كەسە نزیك و دراوسێكانی مردووەكە خواردن دروست بكەن بۆ خێزانەكەی چونكە پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك كە لە شامەوە هەواڵی مردنی (جَعْفَرُ بْنُ أَبِي طَالِب ﷺ) پێدرا فەرمانی كرد بە كەس و كارەكەی كەوا خواردن دروست بكەن بۆ خێزانەكەی (جَعْفَر) و فەرمووی : ((إِنَّهُ أَتَاهُمْ مَا يَشْغَلُهُمْ)) واتە : ئەوان كارێكیان بەسەردا هاتووە سەرقاڵی كردوون .

وە هیچی تێدا نییە كەوا خێزانی مردووەكە دراوسێكانیان یان جگە لە ئەوان دەعوەت بكەن بۆ خواردن لە ئەو خواردنەی كە بە دیاری بۆیان هێنراوە ، وە ئەوەش كاتێكی سنوور بۆ دیاری كراوی نییە ئەوەندەی كە ئێمە لە شەرع بزانین .

**یازدەیەم** : دروست نییە بۆ ئافرەت زیاتر لە سێ ڕۆژ تەعزێباری بكات بۆ مردوو تەنها بۆ مێردەكەی نەبێت ، ئەو كاتە واجب و پێویستە لەسەری چوار مانگ و دە ڕۆژ تەعزێباری بۆ بكات ، ئیللا مەگەر حەمل و سكی هەبێت ئەوا ئەو كاتە تاوەكو دانانی حەملەكەیەتی ، لەبەر سەلمێنراوێتی فەرموودەی صەحیح لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەوە .

بەڵام پیاو ئەوا بۆی دروست نییە تەعزێباری بكات بۆ هیچ كەسێك لە خزم و كەس و كاری و جگە لە ئەوانیش .

**دوازدەیەم** : شەرعییە بۆ پیاوان بەیناوبەین و ناوبەناو سەردانی گۆڕستان بكەن بە مەبەستی دوعاكردن بۆیان و داوای ڕەحم پێكردنیان و وەبیر هاتنەوەی مردن و پاش مردن لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((زُورُوا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُكُمُ الآخِرَةَ))(٨).

---

(٧) رواه الإمام أحمد بسند حسن .

(٨) خرَّجه الإمام مسلم في صحيحه .

www.ba8.org

واته : سەردانی گۆڕستان بكەن چونكە قیامەت و دواڕۆژتان وەبیردێنێتەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) صەحابەكانیی فێردەكرد كەوا ئەگەر سەردانی گۆڕستانیان كرد بڵێن : ((السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلاَحِقُونَ ، نَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمْ الْعَافِيَةَ ، يَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ)) .

بەڵام ئافرەتان بۆیان نیيە سەردانی گۆڕستان بكەن چونكە پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەت و لەعنەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە سەردانی گۆڕستان دەكەن ، وە لەبەر ئەوەی مەترسی دەكرێت بە هۆی ئەو سەردانكردنیانەوە بۆ گۆڕستان تووشی فیتنە و كەمخۆڕاگرتن ببن ، هەروەها دروستیش نیيە بۆیان شوێنی جەنازە بكەون بۆ گۆڕستان چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێكردوون لەوە ، بەڵام نوێژكردن لەسەر مردوو لە نێو مزگەوتدا یان لە نێو نوێژگەدا (الـمُـصلَّى) ئەوا ئەمە شەرعیيە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش هەموویان .

ئەمە كۆتایی ئەوەیە كە توانرا كۆبكرێتەوە .

وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَآلِـهِ وَصَحْبِهِ

***

**الإمام ابن باز فـــي سطور**[1]

* هو الإمام الــحَبْر الــمُجدِّد ، شيخ الإسلام ومُفتـــي الأنام ، العلامَّة الشيخ عبدالعزيز بن عبد الله بن باز رحمه الله.

* ولد الشيخ فـــي مدينة الرياض بتاريخ : (٢ / ١٢ / ١٣٣٠) هـــ .

* كان الشيخ ابن باز إماماً ربانيًّا حيثُ كان عالـــماً عاملاً بعلمه ومُعلماً لغيره وداعياً إلـــى الله على بصيرة ، وكان له حظ وافر من وصفي "الربانـــي والإمام" الـــمذكورين فـــي قولـــه تعالـــــى : ﴿وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمۡ تُعَلِّمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمۡ تَدۡرُسُونَ ٧٩﴾ [آل عمـــران] ، وقوله تعالـــــى : ﴿وَجَعَلۡنَا مِنۡهُمۡ أَئِمَّةٗ يَهۡدُونَ بِأَمۡرِنَا لَمَّا صَبَرُواْۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ٢٤﴾ [السجدة] .

* وكان الشيخ ابن باز رحمه الله "**رَجُلَ عامَّةٍ**" وهذه منقبة عند أئمة السلف الصالـــح كما جاء في كتـــب التـــراجم والتاريخ ، وكان "**أُمَّةً فـــي رَجُلٍ**" :

والنَّاسُ أَلْفٌ مِنْهُم كَوَاحِدٍ — وواحِدٌ كالأَلْفِ إِنْ أَمْرٌ عَنَا

* توفـــي الشيخ بتاريخ (٢٧ / ١ / ١٤٢٠) هـــ رحمه الله رحمةً واسعة وأدخله الفردوس الأعلى .

* كان وفاة الشيخ ابن باز رحمه الله خسارة كبيرة للعالَم أجمع ومصيبة عظيمة على الـــمسلمين عموماً ، وبوفاة الشيخ تبين للناس مصداق قول بعض أهل العلم قديـــماً عندما قالوا : (**موتُ العالِمِ موتُ العالَمِ**) .

*** من دُرَرِ كلام الشيخ ابن بـاز رحمه الله** :

قال الشيخ ابن باز رحمه الله : (**مَنْ نَذَرَ نَفْسَهُ لِخدمة دينهِ عاش مُتعباً ، ولكن سيعيشُ كبيراً ، وسيـــموتُ كبيراً ، وسيُبعثُ كبيراً ، والـــحياةُ فـــي سبيل الله أصعبُ من الـــموتِ فـــي سبيل الله**) .

**الْحَمْدُ للهِ الذِّي وَفَّقَنِي لِتَرْجَمَة**
**هَذِهِ الرِّسَالَةِ الصَّغِيْرَةِ الْحَجْمِ الْعَظِيْمَةِ النَّفْعِ وَالْفَائدَة**
**(لَقَدْ بَدَأْتُ بِتَرْجَمَتِهَا وانْتَهَيْتُ مِنْهَا فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة**
**بِدَاخِلِ جَامعِ الشَّيْخ عَبْدِالعَزيْزِ بن بَاز رَحِمَهُ اللَّهُ**
**أَثْنَاءَ مَوْسِمِ حَجِّ عَامِ ١٤٣٣ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيْة)**

[1] اقرأ : (**الشيخ عبدالعزيز ابن باز .. نـــموذجٌ من الرعيل الأول**) للشيخ عبدالـــمحسن العبَّاد حفظه الله .
و (**الإمام ابن باز .. دروسٌ ومواقِفٌ وعِبَر**) للشيخ عبدالعزيز السدحـــان حفظه الله .

www.ba8.org

مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة / الْعَزِيْزِيَة / جَامِعِ الشَّيْخ عَبْدِالعَزِيْزِ بْنِ بَاز رَحِمَهُ اللَّهُ
بَعْدَ صَلاةِ الْعِشَاء / ٢٢ / ذُو الْحِجَّة / ١٤٣٣ هـ
اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي الاتْيَانَ إِلَى الْحَجِّ وَالْعُمَرَةَ مَرَّاتٍ عَدِيْدَة
وَارْزُقْنِي الإِقَامَةَ فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة وَالْمَدِيْنَةِ النَّبَوِيْة
ــ قُولُوا : آمِيْن ــ

أبو فردوس الكردي العراقي

------------------------------

**ماڵپەڕی بەهەشت**
***www.ba8.org***